# ئامانج لە شكاندنی گوتاری ئایینی چیە؟
# بۆ هەندێ لە نووسەرو رۆشنبیران بەو ئاراستەیە كار دەكەن!؟

لەئەنجامی ئەو پرۆژە یاسای مزگەوتو هونەرو رۆشنبیری، كە كۆمەڵێك نوسەرو رۆژنامەنووسو رۆشنبیرو هونەرمەند پێی هەڵسانو ئاڵۆزیان خستە نێو كۆمەڵگەوە، خەڵكانێكی یەكجار زۆر وەك هەست كردن بە بەرپرسیارێتی ئایینیو نەتەوەیی پرۆژەكەیان رەت كردەوە، خۆشبەختانە یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان لە رێی دانیشتنو دیالۆكو رونكردنەوە، هەوڵی زۆری دا لەپێناو هەماهەنگیو پێكەوە كاردنو بریندارنەكردنی شعوری ئایینداری خەڵك لەلایەكو هێور كردنەوەی دۆخەكە لە لایەكی ترەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی باسەو قسە كردن هەڵدەگرێ، ئاخۆ هەنگاوی لەو جۆرە خزمەت بە كێو بە چی دەكات؟ بۆ لەپەنای ئەو پرۆژانە ئیسلامو موسڵمانو زانایانی ئایینی تانەدار دەكرێن؟ لەپێناو چی گوتاری ئایینیو وتاری هەینی دەكرێتە ئامانجو بێ هیچ سنورێكی ئەخلاقی هێرشی دەكرێتە سەر، بۆ گفتوگۆی ئەو تەوەرانە شیكاری پرسی لەو بابەتە چەند كەسایەتیەك دەدوێنینو لەو راپۆرتە دەیخەینە روو:

ئا: عەبدڵڵا ئەحمەد شێركاوەیی
Sherkaway٨٣@gmail.com

**سەرەتا بەرێز د.بەشیر خەلیل سەرۆكی لێژنەی ئەوقافو كاروباری ئایینی لە پەرلەمانی كوردستان،** لەبارەی ئەو تێروانینو پێشنیارەی نووسەرو رۆشنبیرانو بەهەڵە خوێندنەوەی پەیامی مینبەرو زانایان گوتی: لەلایەن هەندێك كەس كە بە رۆشنبیر ناو دەبرێن تێروانینێكی هەڵەو سەقەت بەرامبەر بە ئایین بەگشتیو مامۆستایانی ئایینی هەیە، هەرچەند تێروانینی ناتەندروستی هەندێك وتاربێژ بەرامبەر رۆشنبیرانیش هەیە، بەڵام ئەمەیان رێژەیەكی كەمە، بەس ئەوەیە وای كردووە پردی پەیوەندی نیوان هەردوولا لاواز بێت، تێروانینە هەڵەكە لێرەوە دەست پێ دەكات، كە هەندێ لە رۆشنبیران مامۆستایانی ئایینی لە دەرەوەی بازنەی رۆشنبیری هەژمار دەكەن، ئەمە زوڵمێكە دەكرێ، لەبەر ئەوەی خەڵك ئایینیە تۆ بڵێی نارۆشنبیر، بۆ ئایین رۆشنبیر نییە؟! زانایانی ئایینی رۆشنبیر نین؟!

## پێشنیازی لەو جۆرە نا تەندروستەو لەگەڵ ژیانو ژیارو كۆمەڵگە

لەكاتێكدا كە مامۆستایانی ئایینی لە هەموو بوارەكان رۆڵێكی یەكجار كاریگەرو بەرچاویان هەیەو هەبووە، بۆیە ستەمێكی گەورەیە خەڵكانێك خۆیان بەرێكخەری دونیا بزانن و مامۆستایانی ئاینی بەتێكدەرو كاراكتەری قیامەتی بزانن، ئەمە تێروانینێكی هەڵەیە.

بۆچی گوتاری ئایینی یان وتاری هەینی كراوەتە ئامانج، كە كاریگەرترین سەرچاوەیە لە نێو كۆمەڵگە؟

رەنگە هۆكار زۆر بن، دەرەكیو ناوەكی هەیە، هەندێكی بۆ خۆ دەرخستنەو هەندێكی تری بۆ نانو دەستەڵات پەیدا كردنە، هەندێكیشیان ئامانجیان ئەوەیە ئیسلامو مامۆستایانی ئایینی دوور بخەنەوە لەناو كۆمەڵگە، بەڵام ئەوان دەبینن كە كاریگەرترین وتار لەناو واقعو كۆمەڵگە، وتاری هەینیە، بۆیە دەیانەوێ بەهەر شێوازێك بێت لاوازی بكەن، چونكە خەڵكێك كە حەز بە ئامادەیی ئایین ناكات، حەتمەن رێگەی لەو شێوە دەگرێتە بەر بۆ شێواندنو لاوازكردنی پێگەو رۆڵی گوتاری ئایینی لە ژیانی خەڵكو كۆمەڵگەدا.

بۆیە من داوا دەكەم لە وتاربێژان هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتانە بكەنو بەهەمان مەنهەجو رامانو حیكمەتی پێغەمبەر(د.خ) چارەسەر بۆ كێشەكان بدۆزنەوەو وەڵامی بەجێو مەنتقیانە ئاراستە بكەن، نەك خوانەخواستە رەدفعلێكی نەگونجاو لەگەڵ لۆژیكو پەیامی ئیسلام.

## ئەو كەسانە خەمخۆرو نوخبە نینو ئەزمونی تەواویان نییە

لەدرێژەی قسەكانیدا د.بەشیر خەلیل گوتیشی: دروست بوونی ئەو گرژیە دەگەرێتەوە بۆ هەندێك كەس، كە خەمخۆرو نوخبە نینو ئەزمونێكی تەواویان نییە، ئەگەرنا كەس نەیبیستووە، رۆشنبیرانی وەك: د.كەمال مەزهەرو موحەممەدی مەلا كەریمو مەسعود محمدو شوكری مستەفا، شتێكی لەو جۆرەیان گوتبێ یان كرد بێ، لە كاتێكدا زۆر زیاتر لەوانە رۆشنبیر ترو خاوەن ئەزمونتر بوونە، بەڵام ئەوان تێگەیشتنێكی جوانیان هەبووە، ئەوانەی ئەو جۆرە تەرحە نامۆیانە پێشنیار دەكەن، لەراستیدا خوێندنەوەیەكی تەندروستیان نیە بۆ كۆمەڵگەو ژیانو ژیار.

## ئامانجی هەندێك لەو نووسەرو رۆشنبیرانە ئەوەیە ئیسلامو مامۆستایانی ئایینی دوور بخەنەوە لەناو كۆمەڵگە

خاڵێكی تر هەیە من دەمەوێ باسی بكەم، كە بریتیە لە كەمو كورِی هەندێ لە وتاربێژەكان، كە بەداخەوە زۆر جار چەند حاڵەتێك دەبیستینەوە كە مامۆستایەكی ئایینی وای گوتووە، لەكاتێكدا ئەو مامۆستا ئایینیە بەناونیشانی قورئان خوێن یان ئیمان دامەزراوە، بۆ من داوا دەكەم لە ماۆمستایانی بەرێز بەوپەری هەست كردن بە بەپرسیارێتیەوە مامەڵە لەگەڵ حەدەسەكان بكەنو بەشێوەیەكی زانستیانەو بەپێی زانیاری تەواوە پەیامی ئیسلام بگەیەنن.

**مامۆستا مەسعود عەبدولخالق خاوەن ئیمتیازی ستاندەر** سەبارەت بەو ئاڵۆزیەی دواییە گوتی: لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە جۆرێك لە ناكۆكی لەنێوان زانایانی ئایینیو هەندێك لە رۆشنبیران سەری هەڵداوە، جۆری ئەو ناكۆكیەش لەسەر بنچینەیەكی ئایینیو عەلمانی بووە، ئەمەش وای كردووە هەندێ جار ئەو حاڵەتە ئاستی بەرزو نزم بەخۆیەوە ببینێ، لەو ناوەشدا رەنگە رەخنە لە هەردوولا هەبێ، چونكە هەندێك جار بەشێك لە رۆشنبیران هەرچی سلبیاتی عەلمانی هەیە بەرامبەر مامۆستایانی ئایینی بەكاری دێنن، لەهەمان كاتیش هەندێك لە زانایانی ئایینی هەرچی سەلبیاتی نێو فیقهی ئیسلامی هەیە لەبەرامبەر رۆشنبیران بەكاری دێنێ، كە ئەمەش خاڵێكی هەستیارە.

## هەندێك لە رۆشنبیران هەرچی سلبیاتی عەلمانی هەیە بەرامبەر مامۆستایانی ئایینی بەكاری دێنن

یان هەندێك لە رۆشنبیران وای دەبینن، كە وتارو پەیامو جموجۆڵی زانایان كارێكی دژەو لەگەڵ واقیعو جیهانبینی ئێستا ناگونجێ، هەروەك بەشێكی مامۆستایان پێیان وایە جموجۆڵی رۆشنبیران



د. بەشیر خەلیل:

## بۆ، مامۆستایانی ئایینی رۆشنبیر نین؟



مەسعود عەبدولخالق:

## من بە گومانم لەو هەزارو سێسەد كەسەی پرۆژەكە

هەنگاوێكی دژ بە ئایینە، كەواتە لەهەردوولا كەمو كورِی هەیە، بەڵام ئەوەی نكۆڵیشی لێ ناكرێ ئەوەیە، كە بەشی هەرە زۆری مامۆستایانی ئایینی تێروانینێكی جوانو پاكو وردیان بۆ كێشەكان هەیە.

ئەوەی ئەمرۆ هەست پێ دەكرێ، رەنگە زیاتر هۆكارەكە تێنەگەیشتن بێ، دەكرێ بەهاوكاری هەموو لایەك تەفاهوم بكرێو ئەنجامیشی دەبێت، چونكە خاڵی هاوبەش یەكجار زۆرن، كە پێیانەوە لێك نزیكی دروست ببێ، جارێ ناكرێ ئێمە دابەشی كەین بۆ دوولا، لەبەر ئەوەی مامۆستای ئایینی خۆی رۆشنبیرەو خوێندنەوەی بۆ شتەكان هەیە، رۆشنبیریش مامۆستایەو چالاكی خۆی هەیە.

لەبارەی واژۆی ئەو كۆمەڵە نووسەرو رۆشنبیرو هونەرمەندەوە، سەبارەت بەو پرۆژەی پێشكەشی پەرلەمانیان كردووە، مامۆستا مەسعود عەبدولخالق گوتی: پێم وانییە هەموو رۆشنبیرێك بەو شێوە بێت، چونكە ئەو ١٣٠٠ كەسەی ناویان هاتووە، من گومان لێیان هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێكیان تەنها یەك ناویان نوسراوە، رەنگە زۆرێكیان لەوانە هەر لەگەڵی نەبن، یان لێی ئاگادار نەبن.

لەلایەكی ترەوە خۆ ئەو ژمارەیە نوێنەرایەتی هەموو رۆشنبیرو نووسەران ناكەن، چونكە لە وڵاتی ئێمە رۆشنبیر گەلێك زۆرە، بەڵام ئەوانە كە بەو كارە هەستاون، راستە چالاكن، بەڵام من پێم وایە ئەوانە تەنها كێشەیان لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی نیە بە تەنها، بگرە زۆر جار كێشەیان لەگەڵ تاكی كوردو لەگەڵ نەریتی كوردو لەگەڵ دەستەڵاتو تەنانەت لەگەڵ خۆشیان هەیە، زۆرجار كێشەیان لەگەڵ شۆرشو مێژوو خەباتو دامو دەزگاو هەندێك لە بەرپرسانیش هەیە، بەعزێكیان شۆرشی گەورە سەركردەو بگرە خەباتی پێشمەرگە بە ناشیرن وەسف دەكەن، بەشێوەیەكی گشتی ئەو جۆرە كەسانە هەمیشە كێشەیان لەگەڵ دەوروبەر هەیە.

## ئەو رۆشنبیرانە كێشەیان تەنها لەگەڵ مامۆستای ئایینی نییە، بەڵكو كێشەیان لەگەڵ دەروبەرو نەریتی كوردو تەنانەت خۆشیان هەیە

ناوبراو گوتیشی: لەو روانگەوە هەندێك لەو نووسەرو رۆشنبیرانە بەدیدێكی رۆژئاواییانە، سەیری واقعی كوردستانو ئایین دەكەن، كە نابێ وابێ، چونكە پێویستە لێرە ئایین بخوێنەوە ئێنجا قسەی لەسەر بكەن، نەك لە رێی موستەشریقێكی بیانی خوێندنەوەی بۆ بكەن، ئێستا لە كوردستان پانتاییەكی فراوان هەیە، ئەركە هەمووان لەسەری كۆ بینەوەو بەدوای چارەسەر بگەرێین، چونكە كەسمان بێ ئەوی تر وەك پێویست ناتوانێ هەنگاو بنێ، بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی، كە رۆڵێكی گەورەیان هەیەو ئەركێكی قورسیشیان لەسەر شانەو دەبێ هەنگاوی گەورەش باوێن.

**مامۆستا مەلا محمد عبدالله پێنجوینی ماموستای پەیمانگای زانستە ئیسلامیەكان لەسلێمانی** لەبارەی ئەو جۆرە هێرشەی هەندێ لە نووسەرو رۆشنبیرو هونەرمەندا بەرامبەر زانایانو گوتاری ئاینی لەو هەرێمە گوتی: وشەی رۆشنبیر خوی لەخۆیدا واتایەكی جوانی هەیەو ئاماژەیەكی زۆر بەهێزی لەخۆگرتووە، خودی وشەكە بەڵگەیە لەسەر راستیو دروستی بیرۆكەكەو هەلگرانی، چونكە رۆشنبیر هیچ كات بەشوین كاری بێجێو سەقەتو بەرنامەی نەشیاوو هەنگاوی نادروستدا نییە. بۆیە پیم وایە ستەم لە ووشەی رۆشنبیر دەكەین گەر بۆ هەلگرانی ئەمجۆرە پرۆژەیە بەكاری بهینین.

پیم وایە ئەم بیرۆكەیە دریژەی هەمان بیرۆكەیە كە بە وەلاتانی دینو خواناسین دەستی پی كرد. كپكردنی دەنگی الله اكبرو سرینەوەی ناسنامەی ئایینداری نەتەوەی كورد مەبەستی سەرەكیان بوو، ئەمرۆ بە بەرگیكی ترو بە دیزاینیكی نوێوە دەیەوی بیتەوە كایە.

## بەناچاریو لە بێ هێزی پەلاماری مینبەر دەدەن

سامانیكی زانستی زۆر لەدونیای ئەمرۆدا بەرهەمی رەنجی هەلگرانی ئیسلامە، ناكریت هەروا بەئاسانی بەچەند سەرە قەلەمیكی نامۆو كەم تفاق لەبواری ئیسلامو ئیسلامناسیدا، دەست لە دەقو پرەنسیپەكانی بدریت، ئیسلام تایبەتمەندی خۆی هەیەو كەسی شیاوو شارەزای خۆی دەویت، وەك ئایینەكانی تر نییە جێی دەستی نامۆو بیری نەگونجا بكاتەوە، مروڤ خۆی پرەنسیپی ئایینی بۆ دابنی. بۆیە هەبوونی بوونی ئەم جۆرە دەنگانە راقەی ئەم خالانەمان بۆدەكات:

١- دەرچوون لەبازنەی تایبەتمەندیەتیو دەستدانە بواریك كە خاوەنی هیچ كەرەستەیەكی پێویستی ئەو بوارە نین، ئەمەش دەقاودەق دژی هەموو پرۆگرامە ئەكادیمیەكانە.

٢- شیواندی كلتوری میللەتی كوردو ژاكاندنی ناسنامەی نەتەوایەتی، كە لەناو گەلاندا پی ناسراوە، مایەی شانازیشی بووە.

٣- هەولدانێكە بۆ دورخستنەوەی ئیسلام لە گومەڵگەو رەواج دان بە ئاكارە دزیوو نەگونجاوەكان لەگەڵ خودی مرۆڤدا.

## رۆشنبیری تەواو قەت بەدوای كاری نابەجیو سەقەت ناگەرێ

هەروەها گوتیشی: داوای كەمكرنەوەی ژمارەی مزگەوتەكانی نوێژی هەینی داوایەكی گەلێك دوورە لەواقعی ژیانی ئایندارییەوە. هۆكاری بەدڵ نەبوونو بەگژا چوونی وتاری هەینی بەرای من دەگەرێتەوە بۆ ئەم خالانەی خوارەوە.

١- دەكریت برێكی باشی سەر لەشانی خودی زانایان بیت، كە كەمتەرخەمیان كردبیتو زبانی گفتوگۆیان لەئاستی پێویستدا نەبوو بیت. جورێك لەسەرپێیو پەلەییو هەڵچون كاری لێ تیك دابن.

٢- نەبوونی هەماهەنگی لەنێوانی چینو توێژەكانی كومەڵگەی كوردیدا، كە پێویستە زانایانو تەواوی توێژەكانی ئەم وڵاتە لەگەڵ یەكتر هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی سەروەریەكان پێكەوە تۆمار بكەن.

٣- تێ نەگەشتن لە ئیسلام وەك پێویست لەلایەن رۆشنبیرانەوە، لە دەوروەو بەشێوەی لاسایی كردنەوە خویندنەو بۆ ئایینو ئاینداری دەكەن.

٤- نەبوونی كەرەستەی زانستی پێویست بۆ سەلماندنی ئەو جۆرە پرۆژانە لەلایەن پێشكەشكارانیەوە، بەناچاری پەلاماری دوانگەی مزگەوتەكان دەدەن، بەهیزی خۆیان لە بی هێزی مینبەرەكاندا دەبیننەوە.

ئاخۆ دەكریت هەموو میدیاكان ئازاد بنو هەریەكەیان لەجیو رێی خۆیەوە دژ بە دینو ئایین بلێو بنووسی، زانایانیش بێدەنگ بكرین.؟

ئاخۆ دروستە دروشمیكی ئایینیو پەرستشیك وەلابنیین لەبەرخاتری هەوادارانی بیرۆكەی دژ بەئایین؟

**بەرێز علی كەریم سەرۆكی ئەنستتیوتی كوردستان بۆ مافەكانی مرۆڤ،** سەبارەت بەو جۆرە تێروانینەی رۆشنبیران كە تا چەند خزمەت بەو دۆخە دەكات؟ لەكاتێكدا مامۆستایانی ئایینی دەیانەوێ رێز لە عەقیدەو شعورو نەریتی ئەو خەڵكە بگیرێو داوای دیالۆكیش دەكەن. بەرێزیان گوتی: خەریكە لە ململانێ لەپێناو بەرەو پێشچوندا، دەبێتە ململانێ لەپێناو شكاندنی یەكتر. با لەو راستیەوە دەست پێ بكەین، كە نەهیچ كۆمەڵگایەك هەبووەو نە دەشبێت بەبێ بوونی ئاین. وە لەبنەرەتەوە هەموو ئاینەكانیش لێوان لێون لەبەهای جوانو مرۆڤدۆستانەو دادپەروەرانە بەڵام ئەوە مرۆڤەكانن مانا بەو ئاینانە دەدەن جار هەیە پۆزەتیڤو جار هەیە نێگەتیڤ. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئاستی پێگەیشتنو قوڵی تێگەیشتنو رەوشی كلتووریو ئابووریو سیاسی كۆمەڵگا جیاجیاكان. من ئامانجی باڵای ئیسلام بۆ مرۆڤایەتی لەو یاسایەدا دەبینمەوە كە قورئان دەفەرموێ: وما ارسلناك الا رحمە للعالمين.

## هەر گوتارێك هێرش بكاتە سەر پیرۆزی ئیسلام هەوڵێكی نەزۆركەو سوكایەتییە بە بەهای خەڵكی كوردستان

بۆیە هەر كاتێك كەسێك جا هەر ناوو ناونیشانێكی هەبێت لەدەرەوەی ئەو یاسایە جوڵەی، كرد ئەوە دەبێت ناوێكی تر لەدەرەوەی ئیسلام بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

هەر گوتارێكیش هەوڵبدات هێرش بكاتە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامو بەهەڵەو هەڵچوونی هەندێ كەس هەوڵبدات لە گەورەیی ئیسلام كەمبكاتەوە، ئەوە وەك چۆن سوكایەتی بەپیرۆزترین بەهای خەڵكی كوردستان دەكات لەهەمانكاتدا هەوڵێكی نەزۆكەو هەر بەمردوویی لەدایك دەبێت، چونكە



د.محمد پێنجوێنی:

## بەناچاریو لە بێ هێزی پەلاماری مینبەر دەدرێت



عەلی كەریم:

## مینبەری مزگەوت كەناڵێكی گرنگەو رۆڵی زانایانیش هەستیارە

ئیسلام قولاییەكی سەرسورهێنەری لە ناخو نەستی زۆرینەی خەڵكی كوردستاندا هەیە.

لێرەدا چەند خاڵێك بەپێویست دەزانم كە ئاماژەیان پێبدرێت :

یەكەم: مامۆستای ئاینی وەك هەر مرۆڤێكی تر بەدەر نییە لەكەمو كوری. وە مادام لەكەناڵی پەیوەندیە گشتیەكان كار دەكات وەك رابەرێكی كۆمەڵایەتی كەواتە رۆڵەكەی هەستیارەو بەپێویست دەبێت هەولی رێكخستنو گەشەپێدانو مۆدێرنیزەكردنی گوتارەكەی بدرێت.

دووەم: میمبەری مزگەوت كەناڵێكی گرنگو پیرۆزەو هی هەموو كۆمەڵگایە، پێویستە بەوپەری لێپرسراوێتیەوە بدرێتە دەست كەسێكو ئەویش هەرگیز لەدەرەوەی یاسا بەكاری نەهێنێ.

سێیەم: پیویستە (كردەوەكان)و بیرو روانینو قسەكان جیا بكەینەوە لە (كەسەكان). ئاساییە من لەچوارچێوەی یاسادا بەشێوەیەكی زانستی قسە لەسەر كردەوەو بیرو راو روانینی كەسێك بكەمو بیسەلمێنم هەڵەیە. ئەوە مافی منە. بەڵام هەرگیز مافی من نییە هێرش بكەمە سەرخودی كەسەكە.

## نووسەرو رۆشنبیر مافی ئەوەی نییە بۆچوونو گوتارێكی ئایینی بەسەر هەموو گوتارەكان بسەپێنێت

چوارەم: دووركەوتنەوە لەرەهاگەریو گشتاندن. نە نووسەرێكو رۆشنبیرێك مافی ئەوەی هەیە هەڵەو كەمو كوری بۆچوونو گوتاری مامۆستایەكی ئاینی بەسەر هەموو گوتاری ئاینیو هەموو گوتاربێژەكاندا بسەپێنێتو بەیەك چاو یەكسانیان بكات، نە مامۆستایەكی ئاینیش مافی ئەوەی هەیە كە هەڵەو كەمو كوریو قسەی نابەجێی رۆشنبیرێك نووسەرێك بگشتێنێو بەسەر هەموو رۆژنامەنووسو نووسەرو رۆشنبیرانیدا ساغ بكاتەوە. هەركەس بەپرسە لە خۆیو هەر لەوچوارچێوەیەشدا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت.

شەشەم: لەگەڵ جەختكردنەوەم لەسەر توێژینەوەی ئەكادیمیو رادەربرینی زانستی ئازاد پێویستە رێز لەپیرۆزیەكان بگیرێ، كە بەبڕوای من بە لەبەرچاوگرتنی دەستووری عێراقو یاسا كارپێكراوەكانی هەرێمی كوردستان پیرۆزیەكان بریتین لە: ئاینەكان بەگشتیو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەدیاریكراو+ پێغەمبەران+ خەباتو قوربانیەكانی گەلی كوردستان+ مافو ئازادیەكانی مرۆڤ+ ژیانی تایبەتی هەركەسێك. و پێویستیشە بەیاسا بەشێوەیەكی رونتر دیاریبكەین كە پیرۆزیەكان چین.

بەڵام وەك بنەمای گشتی مافی مرۆڤ پیرۆزیەكانی من بیروباوەری منەو بەشێكە لەمافو كەرامەتی من بۆیە پێویستە بەرامبەرەكانم رێزی لێبگرن بۆ ئەوانیش هەمان شتە.

علی كەریم لەبارەی رۆڵو پێگەی مامۆستایانی ئایینیو كاریگەری وتاری هەینیەوە گوتیشی: مامۆستایانی ئاینی جێگای رێزنو لەرابردوو و لەئێستاشدا بەشێكی درەوشاوەی مێژوو بوونو دەبێت بەردەوام بۆ چاكەكاری سەربازی ونو بۆ بەرگریش لە خراپە سەركردەی دیاربن.

بەكۆبەندیش ئەم هێرشە نارەواو ناتەندروست و رەهاگەرەش كە لەنێوان هەندێك لە رۆشنبیرانو هەندێك لەمامۆستایانی ئاینی بۆ سەر یەكتر بەرێوە دەچێت، نەك خزمەت بەكۆمەڵگای ئێمە ناكات بەڵكو كردەوەیەكی نابەرپرسیارانەیە كە دەخوازێت بەرەو دواوە بمانگێرێتەوە.

تەنها رێگا بەرەو بیناكردنی كۆمەڵگایەكی نمونەیی كەشایەنی گەورەیی مرۆڤ بێت، كە ئامانجی راگەیەنراوی هەموانە، رێگای دایەلۆگی زانستیو گفتوگۆی هێمنانەو پاراستنی ئاشتی كۆمەڵایەتییە.

# بۆچی (پڕۆژە یاسای مزگەوت و هونەرو ڕۆشنبیری) سەقەتە؟



جەعفەر گوانی
Gwani٨٠@yahoo.com

دوای ئـەوە كۆمـەڵێك نووسـەرو هونەرمەندو گۆرانیبێژ پڕۆژە یاسایەكیان دایە پەرلەمانی كوردستان، بەناوی (چەند پڕۆژە یاسایەك لەبارەی مزگەوت و هونەرو ڕۆشنبیری)، بەوردی خوێندمـەوە، بۆیە هەندێك لەتێبینیو سەرنجەكانی خۆمی لەسەر دەردەبڕم، كە پێم وایە لـە چەند لایەنێكەوە پڕۆژەیەكی سەقەتە:

## یەكەم: لایەنی یاسایی

بەپێی شارەزایانی بواری یاسا، ئەگەر ئـەو شـتە جێبـەجێ بكرێـت، دەبـێ دەسـتكاری چـەندان یاسـای وەزارەتو شـوێنەكانی دیكـە بكرێـت، چـونكە هەموویان پێكەوە گرێدراون، بۆیـە ئـەوە پتر لەپێشنیاز دەچـێت، نـەك لـە پـڕۆژە یاسا.

## دووەم: لایەنی شەرعی

داوا كراوە، كە تەنها لە سێ مزگـەوت لە هەر شارێكی كوردستان وتاری هـەینی بخوێندرێتەوە، ئەوانەی دیكـەش لـە ڕێـی شاشـەوە بۆیـان بگوازرێتـەوە، ئـەوە لەڕوانگـەی شـەرعەوە قبـوڵ ناكرێت، چونكە ئەگەر سـێ مزگـەوتی زۆر گـەورە بكرێتەوە، كە جێگای نوێژخوێنانی تێـدا ببێتـەوەو، سـێ گـەراجی زۆر گەورەشـی هەبێت، كە جێگای سەیارەی ئەو هـەموو خەڵكە بكاتەوەو، هـەروەها پاسـیش بـۆ پیرو ئیختیارەكان دابین بكرێت، بۆ ئەوەی مافێكی ئایینیان نەخورێتو، لە دەستیان نەفـەوتێت، ئـەوە لەڕوانگـەی شـەرعەوە ڕێگەی دەچـێتێ، بـەڵام ڕووبـەرێكی زۆر فراوانی پێویستە بۆ دروستكردنی ئەو سێ مزگەوتە، چونكە ئەگەر هەولێر بە نموونـە وەربگرین، ئەو هەموو مزگەوتە گـەورەی لێیـە، بـەڵام هێـشتا جێگـای خـەڵكی نابیتەوە، بۆیە دەبێ ئەو مزگەوتانـە زۆرو بـە چـەندەها جـار لـە مزگەوتـەكانی (سەواف و، جەلیل خەیات) گـەورەتر بـن، ئەوڕۆ زۆربەی خـەڵكیش سیارەی هەیـە، كەواتـە پێویـستە سـێ گـەراجی زۆر گـەورەش دروسـت بكـرێن، بـەڵام ئـەو شێوازەی پێـشنیاز كـراوە، لـە ڕوانگـەی شەرعەوە خەڵكی گوناهبارنو، فـەریزەی هەینیان لەسـەر لاناچـێت، چونكە چۆن دروسـت نییـە نوێـژ لـە دوای تیڤیـەوە بكرێت، وتاری هەینیش بەهەمان شـێوە، چـونكە دوو وتـاری هـەینی شـوێنی دوو ركاتی نوێژی نیوەڕۆ دەگرێتـەوە، كەواتـە بـەپێی ئـەو پێـشنیازانە مـافی ئـایینی خەڵكی زەوت دەكرێت.

## سێیەم: لایەنی زانستی

لەلایەنی زانستییەوەش، ئـەم پڕۆژەیـە سـەقەتە، چـونكە هـەر پڕۆژەیـەك، كـە پێشكەش بكرێت، پێویـستە خـەڵكێكی پسپۆڕو شارەزای ئـەو بـوارە پێـشكەشی بكات، منێك، كە هیچ لە بواری پزیشكی نازانم، ناكرێ پڕۆژەیەك بدەمە پەرلەمانی كوردستان دەربارەی بوارێكی پزیشكیەوە، ئەو بەڕێزانـەش كـە پڕۆژەكـەیان داوەتـە پەرلەمانی كوردستان، باسـی مزگـەوتو نوێـژی هـەینی دەكـەن، كەچـی هیـچیان پسپۆڕی بواری شـەرعیو ئـایینی نینـە، لەوانەیە ئەوانە هەموویان لەبواری خۆیـان كەسانی شارەزا بن، بەڵام لەبواری شەرعی پسپۆڕ نینە، هـەر بۆیـەش تووشی ئـەو هەڵانە بوونە، (ڕۆژنامەنووس، گۆرانیبێژ، شاعیر، نووسـەر، شـانۆكار...) هیـچیان پـسپۆڕی بـواری شـەرعی نینـە، بۆیـە لەڕوانگەی زانستییەوە، ئەو پێشنیازانە زۆر سـەقەتنو، خـەڵكانێك قـسەیان لـە شتێك كردووە، كە بواری تایبەتی خۆیـان نییە.

## چوارەم: لایەنی ئەمنی

لەلایەنی ئەمنییەوە ئەو پڕۆژەیە هـەر زۆر مەترسـیدارە، چـونكە لەلایەكـەوە، كارەكان بۆ ئـەوەن كـە ڕێگـە بكرێتـەوە، بـەڕووی هـەر سـوكایەتیەك، كـە بەپیرۆزییەكان بكرێت، دەیانەوێت لەپەنای چـەندین نـاوی جۆراوجـۆرەوە دەرگـای سـوكایەتیو قسەگوتن لـە پیرۆزیـەكان بكەنـەوە، ئـەوەش هەمیـشە ئـەمنو ئاسایشی وڵات بـەرەو هەڵدێر دەبـات، لەلایەكی دیكەوە داواكردنی ئـەوەی هـەر كتێبێـك وەرگێـڕان بێـت نابێـت قـسەی لەسـەر بكرێـت، ئـەوە ئەوپـەڕی هەستنەكردنە بە مەسئولیەت، چـونكە دەشـێ كتێبێـك بكرێتـەوە كـوردی، كـە دژی ئەمنو ئاسایشی كوردستان بخاتـە مەترسییەوە، ئـەوكاتیش نابێـت قـسەی لەسەر بكرێتو، نابێت قەدەغـە بكرێـت، هـەروەك ئەگـەر سـوكایەتی بـە ئیـسلام بكرێتو، كەسیش دەنگـی نـەبێت، ئایـا تیرۆریستان نایكەنە دەرفەت بۆ دژایـەتی ئەو وڵاتە.

## پێنجەم: لایەنی بابەتیانە

سەرباری ئـەوەی پێـشنیازەكان زۆر نـا بابەتیانەن، لە هـەمان كاتـدا خـۆی دژی خۆیەتی، هەر بۆیەش داوا دەكەن، كە بـە هـیچ شـێوەیەك مامۆسـتای ئـایینی تەدەخولی هونەر نەكات، جارێ ئـەوانیش وەك هەر مرۆڤێـك مـافی خۆیانـە لەسـەر مینبەر شتەكان ڕوونبكەنەوە، بەتایبـەتی



كە بووە كتێبو لـە كوچـەو كۆڵانـەكان بڵاوكرایـەوە، پاشـان نابێـت لـەبیرمان بچێت، زۆربەی جار شتەكانی مامۆستایان بڵاوناكرێنـەوە، بـۆ نموونـە ڕۆژنامەیـەك چـەندین بابـەتی لەسـەر مامۆسـتایانی ئـایینی بڵاوكردنـەوە، لـە سـنووری ئـەو ڕۆژنامەیە هیچ مامۆستایەك لـە وتـاری هەینی باسی نەكرد، بەڵام چوار مامۆستا بابەتیان بۆ ئەو ڕۆژنامەیـە نـارد، كەچـی ئامـادە نـەبوون تاقـە بابـەتێكیش بڵاوبكەنەوە، ئایـا دوای ئـەوە مامۆسـتا هـەقی نییـە لـە وتـاری هـەینی ئـەو ڕوونكردنەوەیە بدات، كە ئەو شـتانە لـە ڕوانگەی شەرعەوە ئەو حوكمـەی هەیـە، نـابێ لـە بیریـشمان بـچێت، كـە ئێـستا چەندان مامۆستای ئایینیمان هەیـە، لـە بواری هونەرو ئەدەبدا زۆر بە توانـان، بـۆ دەبێ ڕێگیریان لێ بكرێت.

هـەروەها پێـشنیازەكان دوای ئـەوەی داوای ئەوە دەكەن، كـە مامۆسـتایان لـە بوارێك قـسە نەكـەن، كـە تێیـدا پسپۆڕ نەبن، كەچی خۆیان هـاتوون، تـەدەخولی كاری فتوایـان كـردووە، فتـوای ئـەوەیان داوە، كە بەم شێوەیە وتاری هـەینی ئـەو خەڵكانە قبوڵەو، لێی بێبەش نابن، بۆیـە كەسانی ڕۆشنبیر قـەت مـاف بـە خۆیـان نادەن، كە قـسە لـە بوارێـك بكـەن، كـە خۆیان تێیدا پسپۆڕ نینە.

## شەشەم: لایەنی تەوقیت

خاڵێكی دیكەی لاوازی ئەو پێشنیازانە ئەوەیە، كە لە كاتێكدایـە، كـە هەنـدێك نووسینو شیعر بـە سـوكایەتییەوە باسـی پیرۆزیـەكانی موسـڵمانانیان كـردووە، بەتایبەتی باسی خوای گەورە، كە ئەوەش بـووە جێـی نـاڕەزایی وتاربێـژانی مزگەوتـەكان، ئـە لـەو كاتـەدا، ئـەو پێشنیازانە مانای ئەوەیە، بە پێـی یاسـا زمانی وتاربێژان بگیرێـت، كـە بـە هـیچ شـێوەیەك بۆیـان نـەبێت پارێزگـاری لـە پیرۆزیەكانیان بكەن، بۆیە ئەو پێشنیازانە پـتر بـە كاردانەوەیـەكی ئینتیقامیانـە دەچێت، تا لە پڕۆژە یاسایەك بچێت، بۆیە لەو حاڵەتەدا شتەكان وەك شەڕێك تەماشا دەكرێن، نەك وەك شتێكی بابەتیانە، كـە خزمەت بكات، ئەوەش دەرەنجامی خراپی لێدەكەوێتەوە.

## حەوتەم: لایەنی مێژوویی

یەكێك لە نووسەرە ڕۆشنبیرەكانی ئـەم كوردسـتانە، پێكـەنینی بـەم پڕۆژەیـە هاتبوو، چونكە پێی وابوو، ئـەو پڕۆژەیـە گەورەترین سوكایەتیە بە مێژوو، چـونكە ئەدەبیاتو هونـەری كـوردی هـەڵقوڵاوی مزگـەوتو تەكیـەو خانەقاكانـەو، بـەم پێیـەش ئـەدەبیاتی كـوردی هـەڵقوڵاوی ئیسلامە، بۆیە بەم كـارە سـوكایەتی بـە مێـژوو دەكرێـت، هـەروەها فرێـدانی مێژووە، كە ئیـشی ڕۆشـنبیرە هەمیـشە شتەكانی خۆی بۆ مێژوو تەئسیل بكـات، نەك حاشایی لـە مێـژووی جوانی خـۆی بكات، بۆیە لەلایەنی مێژووییەوەش ئـەم پێـشنیازانە شـتێكی خـراپنو، لێـك دابڕاندنی ئەمڕۆو دوێنێیە.

## هەشتەم: لایەنی ئایینی

ئەوانە كـە داوای لێـك جوداكردنـەوەی هونەرو ئاین دەكەن، بەڕاستی نەشـارەزان بە ئیسلامەوە، چونكە ئیسلام لە خـودی خۆیدا پڕ لە هونەرو ئەدەبیاتە، ئیدی چۆن دەكرێـت پارچـە پارچـە بكرێـت، پاشـان هەڵەی ئـەو بەڕێزانـە ئەوەیـە، ئیـسلامو ئایینەكانی دیكە پێك دەشووبهێنن، لـە كاتێكـدا لەوانەیـە كەسـێك شـتێكی دەربارەی ئایینێك نووسیوە، ئەو كراسە بۆ ئیسلام نەگونجێت، بۆیە ناكرێت هەموان وەك یەك تەماشا بكەن.

## كۆتایی

ئـەم پڕۆژەیـە شـتێكی زۆر سـەقەتو لاوازە، لـە هـەموو ڕوویەكـەوە زیـان بـە هەرێمەكـەمان دەگەیـەنێت، بەتایبـەتی قـەت چـاوەڕوانی ئـەوەمان نـەدەكرد، زمانگرتنو، قـورگبڕین لـە كەسـانێكەوە دەربچێت، كە قەڵەمیان بـە دەسـتەوەیە، كە بەم پێیە بێت، نـابێ چـەند ڕەنگـیو چـەند دەنگـی هـەبێت، كـە ئەمـەش پێـچەوانەی ئـازادی ڕادەربـڕینو، پێـچەوانەی دیموكراسیەتو ڕای ئـازادە، بەتایبەتی هەندێك كـەس ئـەو باسـەیان خراپ قۆستەوە، بۆ نموونە هەندێك كـەس ڕەخنە لە زانایانی ئـایینی دەگـرن، كـە ئەوەیان شوبهاند بەوەی داوا بكرێت، كـە تەنها سـێ ڕۆژنامـە دەربچێت، چـونكە كاردانەوەكان لەوانەوە دروست بـووە، كـە زانایـان دژی ئەوەشـن، كەچـی هەنـدێك ڕۆژنامەنووس گاڵتەیان بـەوە دەهاتـەوە، چـونكە پێیـان وابـوو، نـاكرێ ئـەو هونەرمەندو گۆرانیبێژو ڕۆژنامەنووسان بەراورد بكرێن لەگەڵ خەڵكی (جاهیلی) مزگـەوت، لـە كاتێكـدا ئێمـە دەزانـین، هەموو چینو توێژە جیاوازەكان نوێژخوێنی مزگەوتن، دەكـرێ نموونـە بـە مزگـەوتی (گوندی زانكۆ) بێنینەوە، كـە بـەرزترین بڕوانامەی تێدایە.

بۆیە بە بـڕوای مـن ئـەو شـتانە وڵات بەرەو هەڵـدێر دەبـەن، چـونكە مزگـەوت هەمیشە ڕۆڵی چاكەی هەبووە، مزگـەوت هەمیشە ئەمنی كۆمەڵایەتیو ئاسایـشی وڵاتو، برایـەتیو خۆشەویـستی پاراستووە، پـەیامی مزگـەوت هەمیـشە پێكـەوەژیانو خۆشەویـستی بـووە، ڕێـزو حورمەتو ڕێز لە یەك نـان بـووە، بـەڵام هەندێك (ڕۆژنامەنووسو نووسـەر!)، كـە لەوانەیە ڕۆشنبیر نەبن، بەم كارانەیان كار بۆ گۆڕینی ئاراسـتەی هەنـدێك مزگـەوت دەكەن، بەمەش بێت، ئەوان مەسئولن لە هەر كاردانەوەیەكی خراپ، بۆیە پێویستە هەموو لایـەك لـە ئاسـت بەرپرسـیارێتی مەزن دابین، نە مزگەوت نـاوی ڕۆژنامـەو گۆڤارەكانو ڕۆژنامەنووسان بهێنێـت، لـە بەرامبەریـشدا ڕۆژنامەنووسـانیش سـوكایەتی بـە پیرۆزیـەكان نەكـەن، بەتایبەتی ئێمە نووسەرو ڕۆژنامەنووسـی ڕۆشنبیری زۆرمان هەیە، كە كوڕی خـاكی ئەم وڵاتەن، پێویستە دەرفەت بە كەسانی ناڕۆشنبیر نەدەن ئەم ئازادیە بـە دەرفـەت بزانن بۆ سوكایەتیكردن بە پیرۆزییەكان.

(مەلا) لە تەفسیرەكەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتیو مامەڵەی هۆشیارانە لەگەڵ مێژوو

٣



هێمن عومەر خۆشناو
شەقڵاوە

باس كردنی مێژوو و هێنانەوە ئـاری ڕەگەزەكانی مێژوو بۆ ناو ژیانی واقیعی ئەمڕۆمان، بۆ ئەوە نییە ئێمە بـچینەوە نـاخی مێـژوو و لەگـەڵ ئـەوان ژیـان بگوزەرێنینـەوە، ئەوەنـدەی پەنـد وەرگرتنو سازاندنی كەشێكە تا هەرچی زووە مێژوو بخەینەوە پێش چاوی خۆمان تا داهـاتوو فێڵـی لێ نـەكردووین، وەك (ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ) گوتـەنی: (**ئـەوەی تفەنگ بەرابردووە بنێ، داهاتوو تۆپی پێوە دەنێ**)، جا لەو سۆنگەیەوە بەشێك لـەقورئانی پـیرۆز هێنانـەوەی مێـژووەو بیرخستنەوەی ڕووداوە دێرینەكانە، بەڵام هەموویـشی لـەپێناو ناسـینەوەو دۆزینەوەی ڕاستییەكانو ئامادەبوونەوەی مێژووە بۆ سوود وەرگرتن، نـەك چـوونەوە نێو مێژوو و قسە لەسەر وردو لقو پۆپە بێ سوودەكانی، خۆ قورئانی پیرۆز لەمێژە فەرموویەتی (لقد كان في قصصهم عبرة لاولی الالبـاب) كـەوابوو جگـە لـەعیبرەت ئەوەی تر نزیك دەبێتەوە لە خولاوەنەیەك لەنێو بازنەیەكی بەتاڵدا.

ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە قسەی لەسەر بكەین، ڕاڤەو تەفسیری هەڵەیە بـۆ شتەكان، واتە بێ بنچینەیەكی زانستیو دوور لـە لۆژیـكو ڕاسـتی پاشـخانەكەی، لەحاڵەتی وادا قسە نەكردنو تەفسیرنەكردنە زۆر باشترە لەتەفسیرو بۆچوونی نابەجێ، وەك (**مەسعوود محەمەد**)ی كوڕی (**مەلای گەورە**) دەڵێ: (**لیس قصاری العقـل أن يمتنع تفسير الاشياء اللتى لا يفهمها، وانما يفسرها تفسيرات خاطئة**)، بەتایبەتیش ڕاڤـەو بۆچـوونی هەڵـە لەڕاسـت قورئـانی پـیرۆزدا، لـەو نێوانەشـدا چیرۆكو بەسەرهاتەكانی قورئان زۆرتر ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونانە بوونەتەوەو دەبنەوە.

بۆ نموونە لەنێو هەموو ئـەو پێویـستییانەی تێگەیـشتن لـەقورئانو هەوڵـدان بـۆ دۆزینەوەی خاڵە پەند ئامێزەكانو دەرس وەرگرتن لێیان جار جار وابووە مەلای كورد وەك مەلای نەتەوەكانی تر خۆی بەناوی پاشاو ناوی دەرگـاو نـاوی... هتـد خـەریك كردووە، كە سەرەنجام لەناڕاستی نزیـك كەوتۆتـەوەو بۆچـوونەكانی بـەرەو ئەفـسانە چوونە، ئەمەش وەكو ئەوە وابووە نەتوانێ تەماشای شۆقو ڕۆشـنایی مـانگ بكـاو بەشتی لاوەكی خەریك بێ، كە دواجار بۆچوونەكە بۆتـە پەڵەیـەكو بەسـەر ئاییـندا شكاوەتەوە، لەلایەكی تریش لێكۆڵینەوەی تازەو زانستییانەی چەقبەستوو كـردووەو خۆیشی وەك كەسایەتییەك لـەنێو ئـەو گێژاوەدا خـولی خـواردووە. بەدڵنیاییـەوە ئەمـەش لـەغیابی زانـستێكی تۆكمـەو واقیـع نەخوێندنـەوە بـووە، وەك ئـەوەی لەژوورێكی تاریك بیربكەیتەوەو ئاگاداری واقیعو دەوروبەر نەبیت. ئەمە گەیـشتۆتە ئەو حاڵەتەی كە بەڕبەی ئەوسا مانای شـتەكان لێـك بدرێتـەوەو سـادەو سـاكارانە بیربكرێـتەوە، بۆ نموونە دەبێ عەزیزی میسر ناوی چی بووبێ؟ ناوی فـلانو فیـسار كەس ئەوە بووەو ئەمە نەبووە؟

**(كە یوسف هاویشترا حەپس، باسی عزیزو خاتوونی لەقورئاندا گهی كرا، مقصد عبرەتو ایاتی (یوسف)و برایانیەتی. ئەگەر تەماشای شعبی قصە بكەن، وا زوو نابڕێتەوەو دەبێ بە حكایەتێ بێ عبرەت لە غایەی بحپ دەردەچێ. (وقال الملك) پادشاهی مصر، ناوی چییە؟ نایزانم! چی پێ دەوێ؟ ریانە، عگشانە؟! جەمعێ لە برادەرانی عولەما دەفەرموون: دروست نییە بە كافر بڵێی (ملك)، بەڵێ دەتوانن لەپەنای كۆڵەگەی مزگەوت ئەو تەرزە قسانە بكەن. ئەمڕۆ لەباتی ملك، پێیان دەڵێن (امبراطور)! ئەگەر ئەوان بە یەكێكی ئێمە بڵێن مەلیك، سجدەی شوكر بۆ خوا دەبەین! جەهالەتی ئەو خنكە مەلایانە بوو ئێمەی خستە ڕەزالەت. تۆ بڵێی و نەڵێی، مەلیكە، قوراڵە، امبراگورە، ڕەئیس جمهورە.....) (تەفسیری كوردی- مەلای گەورە- بەرگی چوار، لا ٢٥٠).**

دەیانو سەدان بۆچوونی تر كە لە بێ ئیشیو لە نەتوانینی مەلەكردن بووە لـەنێو دەریای قووڵ و بێ بنی زانستو ئیسلامەتیدا... ئەمانە ڕاستییەكن و دەبـێ ئێمـە دانی پێدا بنێینو لەنێو مێژووی زانیاری ئیسلامەتیدا بـوونی هـەبووەو لەنێویـشدا كاروانی زانستی ئیسلامەتیشی لەكوردسـتان دەگرتـەوەو ئەمـەش نموونەیەكـە لـە خەرواریك.

بـەهیوای ئـەوەی مامۆسـتایانی ئـایینی (**مـەلای گـەورە**) ئاسـا بیربكەنـەوەو هەڵسوكەوت بكەنو زاتی ئەوە بكەن ئەو بۆچوونانە لە دەوروبەریان فڕێ بدەنو بچنە ناواخنو كرۆكی بابەتو لە شتە لاوەكیو بێ سـوودەكان خۆیـان دووربگـرن. بـەڵام بەڕاستی ئەمەش شۆڕشـێكی ئازایانـەی پێویـستەو ڕەتكردنـەوەی ئـەو ئەفـسانەو ئیسرائیلیاتانە، زاتكردنی دەوێ.

وای بـۆ ئـەوێ ڕۆژێ مێـژوو خـۆی دووبـارە دەكـردەوەو مامۆسـتایانی ئـایینی هەموویان دەبوونە (**مەلای گەورە**) بۆ كۆمەڵگای كوردی.

Hem٩٩٢٠٠٣@yahoo.com

# ڕاگەیاندراوێكی هاوبەش دەربارەی گرژی نێوان وتاربێژانو چەند نوسەرێك

پاش نیوەڕۆی ٢٠١١/١/١٣ لەبارەگای ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی كوردسـتان، كۆبوونەوەیـەكی هاوبـەش لەنێوان هەر یەكە لە (یـەكێتی زانایـانی ئـایینی ئیـسلامی كوردسـتان، یـەكێتی نووسـەرانی كـورد، هـەردوو لیژنـەی ئـەوقافو ڕۆشـنبیری لەپەرلـەمانی كوردستانو سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی كوردستان) بەڕێوەچوو.

ئامـانج لەكۆبوونەوەكـە بەشـداری هەموولا بوو لەگفتوگۆ لەسەر ئەو حاڵەتە گرژییەی كە ماوەیەكە خەریكـە لـەنێوان نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانو مامۆستایانی ئایینیدا دروست دەبێت.

بەشدار بووانی كۆبوونەوەكە، كۆك بوون لەسەر ئەوەی كە پێویستە ڕێگـە لەهـەر پەرەسـەندنێكی زیـاتری ئـەو مەسـەلەیە بگـیرێو ڕێگـە نـەدرێت كـە زیـان بـە یەكڕیزیو تەباییو ئاسایشی كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان بگات.

كۆبوونەوەكە داوای لەهەمولا كرد كە بـە گیـانی بەرپرسـیاریەتییەوە مامەڵـە لەگـەڵ ڕەوشـەكەدا بكـەنو بەرژەوەنـدی بـاڵای گـەلی كوردسـتانو ئەزموونەكـەی لەبەرچـاو بگـرنو بـەگیانی یـەكتر قبوڵكردنو پاراستنی یـەكڕیزیو تـەبایی خـەڵكی كوردسـتانو لەبەرچـاوگرتنی هەستیاری قۆناغە هەڵسوكەوت بكەن.

هەروەها كۆبوونەوەكە جەختی كـردەوە لەسەر زەرووڕەتی ڕێزگـرتن لـە پیرۆزییـە ئایینییەكانو لەهەمان كاتدا ڕێزگرتن لـە ئـازادی ڕادەربـڕینو ڕۆژنامەگـەری لەچوارچێوەی دەستوورو یاساكاندا.



بەشداربووانی كۆنگرەكە داوایان كـرد كـە هـەم مامۆسـتایانی ئـایینیو هـەم نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان دوور لە كردارو پەرچـەكردار (فعـلو ردفعـل)و یـەكتر ئیـستفیزاز كـردن نووسـینو وتارەكانیـان دابڕێژنو دوور بـن لـە سـەنگەر لەیـەكتر گـرتنو تۆمـەتبار كردنـی یـەكتر، كـە ئەمـەش لەیـەكترازانو خوانەخواسـتە كێشەی گەورەتری لێ دەكەوێتەوە.

لەكۆتایی كۆبوونەوەكەدا بڕیاریدرا كـە ئەو جـۆرە دانیـشتنو دیدارانـە درێـژەیان هەبێت، بـۆ ئـەوەی لەنزیكـەوە لەیـەكتر حاڵیبوونی زیـاتر دروسـت ببێـتو ڕێگـە بگیرێت لەهەر دەرهاویشتەیەكی خراپ.

هەولێر
٢٠١١/١/١٣

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان:
# ئەو کەسەی تەشهیر بە ئاین دەکات پێویستە بەتوندترین شێوە سزا بدرێت

دوێنێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/٨ بەئامادەییو سەرپەرشتی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینەهەواری پیرمام، کۆبونەوەیەکی فراوان بە ئامادەبوونی هەریەك لە بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانو، جێگرەکەیو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو، وەزیرانی دادو ناوەخۆو ئەوقافو، سەرۆکی لێژنەی یاسایی پەرلەمانو سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریو سەرۆكو جێگری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو، سەرۆكو نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانو، نەقیبو جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانو، ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی کوردستان، بەڕێوەچوو.

بەڕێز جەنابی سەرۆك دوای بەخێرهێنانو سوپاس کردنی ئامادەبووان، باسی لەبارودۆخی ئێستای کوردستان کردو، تیشکی خستەسەر چەندین تەوەرو بابەتی وروژێنراوی شەقامی کوردیو، جەختی لەوە کردەوە کە مەبەست لەم کۆبونەوە فراوانە گوێگرتنی بۆچوونەکانە، تا بەیەکەوە ڕێ لە درز کەوتنە یەکریزی کوردستان بگرین.

لەدرێژەی وتەکانیدا سەرۆك دوپاتیکردەوە کە: ئێمە دژی تەشهیر کردنین بە ئایین، ئایین شتێکی موقەدەسە و دەبێ هەموو کەس ڕێزی لێبگرێ و ئەو کەسەی تەشهیریش بە ئایین دەکات پێویستە بە توندترین شێوە بێتە سزادان ، ئەمەیش نەك هەر بۆ ئایینی ئیسلام ، بەڵکو بۆ ئایینەکانی دیکەشە.

هەر لەسەر ئەم بابەتە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: داوا لە پەرلەمان دەکەم بۆ هەر یاسایەك زاراوەی کوردی بە کار بێنێ واتە ئەو زاراوانە بە کار بێنێ کە خەڵك لێی تێ دەگەن ، نەك ئەوەی کە بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر دروست بکرێت وەکو وشەی (جێندەر).

پاشان بەڕێزیان ڕووی لەزانایانی ئاینی کردوو گوتی: داوا لە زانایانی ئایینی دەکەم کەس ڕای خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا نەسەپێنێو لە خۆیەوە فەتوا نەدات، دەستەی فەتوا هەیەو ئەو دەتوانێ بڕیار بدات بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافو یەکێتی زانایانی ئایینی، مامۆستای ئایینی دەبێ ڕۆڵی ئامۆژگاری ببینێ و هەوڵبدات گیانی برایەتیو ئاشتی لە ناو گەلەکەماندا بچەسپێنێ چونکەکوردستان بە فرەنەتەوەیی ئایینیەکەی جوانە.

دواتر دەرگای گفتوگۆی کرایەوەو ئامادەبووان پێشنیارو بۆچوونی خۆیان پێشکەشکردو، لەم بارەیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان لە لێدوانێکی تایبەت بەسایتەکەمان گوتی:

لەکۆبوونەوەکەدا وێڕای سوپاسی زۆرمان بۆ گوێلێگرتنی بەڕێز جەنابی سەرۆك لە ئێمە، ڕامانگەیاند کە یەکێتی زانایان هەردەم لە هەوڵی بەرەو پێشبردنو باشترکردنی دۆخی ئارامی کوردستاندایەو، وەك زانایانی ئاینیش بڕوامان بە یەکەوەژیانو تەبایی هەیە، بەڵام بەداخەوە لە هەندێك دەزگای ڕاگەیاندن سنوربەزێنیو بێڕێزی بەرامبەر بە ئاینو دابی گشتیو سنور دەکرێو، کە ناکرێ هەڵوەستەمان لەسەری نەبێو باسی لێوە نەکرێ، هیوامان وایە کە بەگونجاوترین ڕێگە هەموو پشێویو بێڕێزیەك بە هەوڵی گشت لایەك چارە بکرێت. خۆشبەختانە جەنابی سەرۆکی هەرێم پشتیوانی لە داواکانمان کردو، بە سوپاسەوە جەختی لەسەر پیرۆزی ئاینو بەها باڵاو دابە گشتیەکان کردەوەو،سەرکەوتووانە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات.

# ئەنجومەنی ناوەندی داوادەکات ڕێگیری بکرێت لە سوکایەتیکردن بە ئایین



ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا داوا دەکات، ئەو هەڵمەتەی سوکایەتیکردن بە پیرۆزیەکان ڕابگیرێتو، دۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانیش لەبەرچاو بگیرێت. ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:

### بەلاغی کۆتایی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

((ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ))

ئەمڕۆ ٢٠١١/١/٥ ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست، لەکۆبونەوەکەدا ئەنجومەن جەغتی کردەوە لەپارێزگاریکردن لە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی گەلەکەمانو هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشێوازێکی بەرپرسیارانە ئەو کێشانە بخرێنەڕوو لەمینبەری مزگەوتەکانەوە باسی بکرێن.

یەکێتی زانایان جارێکی دیکەش بانگەوازی دەکەن بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی ئافرەتانو ژنان، ئێمە دەرگامان والایە بۆ هەموو هاوکاریو هەماهەنگیەك کە خزمەت بە ئافرەت دەکاتو زیاتر مافەکانی فەراهەم دەکات.

هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە مینبەری مزگەوتەکان هەمیشە شوێنی پێدانی مافەکانی ئافرەتانو بەختەوەرکردنی خێزان بوونەو هەن، بەپێچەوانەوە بەسوکایەتی کردن بە مینبەرو مزگەوتەوە کێشەکان ئاڵۆزتر دەبنو خزمەت بە ئافرەتان ناکات! چونکە زانایان خۆیان بەداکۆکی کاری یەکەمی ئافرەتان دەزانن.

هەر لێرەوە جارێکی دیکە جەغت لەسەر هاوکاریو هەماهەنگیمان بۆ کاروانی ڕۆشنبیری کوردستان دەکەینەوە.

هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە زانایانی ئاینی ڕۆژنامەکانی کوردستان بەموڵکی خۆمان دەزانینو جارێکی دیکەش دەستی هاوکاری درێژ دەکەینەوەو بەبەشێك لە خۆمانی دەزانین.

بۆیە لێرەوە داوادەکەین هەموومان لەئاست بەرپرسیارێتی دابین بەرامبەر ئاینو نیشتمانو گەلەکەمان، داواش دەکەین واز لەزمانی تەشهیرو سوکایەتی کردن بە ئاینو پیرۆزیەکان بهێننو لەبری زمانی سوکایەتی پێکردن وەکو ڕۆژنامەی (ئاسۆ) هەنگاوی مەزن بهاوێژنو داوای لێبوردن بکەن، کە ئەمەش نیشانەی گەورەییو هەستکردنە بە مەسئولیەت.

یەکێتی زانایان داوا دەکات هەموو کارێکمان خزمەت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بێتو وەك یەکەم ڕۆژ ڕامانگەیاندوە ئێمە لەگەڵ تەشهیرو ناوهێنانی هیچ کەسێك نینە لەمینبەری مزگەوتەکانەوە.

هەموو لایەکیش ئەو حەقیقەتە دەزانن کە مامۆستایانی ئاینی لەئەنجامی دڵسۆزیان بۆ گەلو وڵاتو جەماوەرمان متمانەی تەواویان هەیە. بەڵام لەبەر ناسکی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هیچ هەنگاوی جەماوەریان نەهاویشتووە، هیوادارین ناچاریش نەکرێین بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە بهاوێژین.

هەروەك داوا دەکەین هەموو لایەك لەو ئاستەدابینو هەر کەسێکیش تێبینی لەسەر: کتێبێك، وتارێك، نووسراوێك.. هەیە ئەگەر لە چوارچێوەی تەشهیر کردن بێت دەتوانن وەڵامیان بدەنەوە.

بەڵام تەنها قسەکردنو نارەزایی دەربڕینی بێ بنەما مەسەلەکان چارەسەر ناکات.

لەکۆتاییدا: داوا لە پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێمو داواکاری گشتیو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکەین: بڕگە یاسای ڕێگرتن لە سوکایەتیکردن بە پیرۆزییەکان تەفعیل بکەنو، هیچ کەسێك لەچوارچێوەی یاسا دەرنەچێت، بە پێچەوانەوە لەوانەیە کاردانەوەی توندی جەماوەری لە بەرامبەر ئەو خەرقکردنی یاسای دروست بێت، کە ئێمەش خوازیاری ئەوەنین بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە خزمەت بەگەلو نیشتیمانمان بکەینو ڕێزو گەورەیی دامو دەزگا شەرعیەکانمان هەمیشە بەبەرزی بمێنێتەوە.

دووپاتیشی دەکەینەوە کە یەکێتی زانایان تاکە نوێنەری زانایانی کوردستانەو، هەموو پشتیوانیەکی زانایانی ئاینیش دەکاتو داواش لە مامۆستا بەڕێزەکانمان دەکەین لە مینبەری پیرۆزی مزگەوتەکانەوە ناوی هیچ کەسو ڕۆژنامەو سایتی تایبەتی نەهێت.

لەگەڵ ڕێزماندا.

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**ئەنجومەنی ناوەندی**

# یەکێتی زانایان ڕوونکردنەوەیەك لەسەر پڕۆژە یاسای مزگەوتو ڕۆشنبیرو هونەر بڵاودەکاتەوە

دوای ئەوەی کۆمەڵە کەسێك پڕۆژەیاسایەکیان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووەو، کە چەندین خاڵی لەخۆ گرتووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەمزگەوتو، پێشنیازی ئەوەی، کە لە هەر شارێك تەنها سێ مزگەوت وتاری هەینی تێدا بخوێندرێتەوە، ئەوانەی دیکە لەڕێگەی شاشەوە بۆ خەڵکی نەقل بکرێت، یەکێتی زانایان ڕوونکردنەوەیەك بڵاودەکاتەوە، ڕاو سەرنجی خۆی لەو بارەوە دەخاتەڕوو. ئەمەش دەقی ڕونکردنەوەکەیە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

دیارە چەند کەسێك لەکوردستانو دەرەوەی کوردستانەوە پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە، تێیدا چەند بڕگەیەکیان خسۆتە پێش پەرلەمانی کوردستان، کە جێگای سەرنجو تێبینی ئێمەیەو، دەکرێ گفتوگۆ لەسەر هەموو خاڵەکانی بکرێت، بەڵام ئەوەی لێرە مایەی نیگەرانی ئێمەیە، کۆمەڵێك کەسایەتی کە هەندێکیان جێ پەنجەیان لە بواری ڕۆشنبیریو هونەری دیارە، کەچی بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی مزگەوتو دامو دەزگاکانی تایبەت بە مزگەوت، وەك وەزارەتی ئەوقافو یەکێتی زانایانو لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەشی پەرلەمان کردووە، ئەوەی مایەی نیگەرانی پترە، دەبوو ئەو بەڕێزانەی لە ژێر ئەو ناونیشانانە کار دەکەن، هەمیشە کار بۆ ئازادی ڕادەربڕینو ئازادی گوتنو فراوانکردنی مەوداکانی دیموکراسیەت بدەن، نەك خوانەخواستە لەڕێگای ئیمزا کۆکردنەوە هەوڵی کپکردنی دەنگی مامۆستایانی ئایینی بدەن، بەتایبەتی دەبوو ئەو بەڕێزانە هەقیقەتی ئەوە بزانن، کە ئەوەی مامۆستایانی ئایینی دەیوروژێنن کاردانەوەی وتارو بابەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانە، بۆیە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە نەبووین، کەسانێك خۆیان بە نوخبە بزانن هەنگاوێکی لەو جۆرە بهاوێژنو، دەنگی مرۆڤەکانی دیکە کپ بکەنو، بیبڕن، ئەوە وەك ئەوە وایە لەبەرامبەر قسە گوتن بە پیرۆزیەکانو شێواندنی جوانیەکانی کوردستان لەلایەن چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکەوە، خەڵکی کوردستان ئیمزا کۆبکەنەوە، کە لە هەر پارێزگایەك تەنها یەك ڕۆژنامە دەربچێتو، لەڕێگای چاپەوە بەسەر شارو دێهاتەکانی دیکە دابەش بکرێت، کە دیارە ئەوەش بەر تەسككردنەوەی ئازادیو کپکردنی دەنگە جیاوازەکانە، بەتایبەتیش کپکردنی مزگەوتو نەهێشتنی وتارەکانی مزگەوت، هەمیشە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان کاریان بۆی کردووەو، قەتیش تێیدا سەرکەوتوو نەبوونە، چونکە خەڵك تەنها بۆ ماوەیەك خۆی لەژێر چەوساندنەوەو ستەمکاری ڕادەگرێت.

لەبری ئەوە وەك چەندین جاری دیکەش بانگەوازی ئەو برا نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەمان دەکەین، با پێکەوە کار بکەینو، گفتوگۆو حیوارمان هەبێتو، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆشنبیران چ مامۆستایانی ئایینی یان نووسەرو ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان لەیەك نزیك ببینەوەو، هەوڵبدرێت ڕۆژنامەو گۆڤارەکان خۆیان دووربگرن لە تەشهیرو سوکایەتیکردن بە پیرۆزیەکان بۆ ئەوەی کاردانەوەی بەرامبەری لێنەکەوێتەوە، کە لەوەش داوا لە وتاربێژە بەڕێزەکانمان دەکەین ناوی هیچ کەسو لایەنێك لەمینبەری مزگەوت نەهێتو، بە هەموو شێوەیەك خۆیان لە تەشهیر بەدوور بگرن، دڵنیاشین هەروا دەبن، چونکە وەك هەمیشە زانایانی ئایینی کەسانی خواناسو نیشتیمانپەروەرو دڵسۆزی خاكو وڵاتو نیشتیمانی خۆیانن.

بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەو پڕۆژەیە خزمەت بەگیانی پێکەوەژیانو پێشکەوتنی کوردستان ناکاتو، بەرتەسکرکردنەوەی ئەو ئازادیەیە، کە چەندین ساڵە قوربانی بۆ دەدرێت، بەڵکو لەبری ئەوە پێویستە هەنگاوی لەیەك نزیکبوونەوە بهاوێژینو، هەموو لایەکیش هەوڵ بدەین لەچوارچێوەی یاساو ڕێزگرتن لە پیرۆزیەکان دەرنەچین، تا لەئەنجامدا هەموومان خزمەتی وڵاتو نیشتیمانمان بکەین.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١١/٠١/١٠**

# سەرۆکی یەکێتی زانایان بەشداری کۆنگرەی نێودەوڵەتی گفتوگۆی ئایینەکان لە نەجەف دەکات




بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی گفتوگۆی ئایینەکان، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی عێراق لە نەجەف ئەنجامی دا، بەسەرۆکایەتی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان شاندێکی ئایینی هەرێمی کوردستان بەشداری ئەو کۆنگرەیان کرد.

کۆنگرەکە ماوەی سێ ڕۆژی خایاندو پتر لە ١٠٠ کەسایەتی ئایینیو ڕۆشنبیریو چالاکوان لەبواری گفتوگۆی ئاینەکانو هەریەکە لە خەیری بوزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدیەکانو خالد جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکانو مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافو چەند زانای ئاینیو ڕۆشنبیرو ڕاگەیاندنکاری ئاینەکان لەهەرێمی کوردستانو عێراقو چەند وڵاتێکی دیکە تیایدا بەشداربوون.

جێی ئاماژە پێدانە لەو کۆنگرەیە شاندی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە دیار کردنی چارەسەری زۆرێك لەو کێشەو پێشهاتانەی، ئێستا لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکە هەن، وێڕای هەڵوێستی شاندەکە، لەسەر چەندین بڕگەی گۆنگرە، کە لەهەندێك خاڵدا ئۆباڵی کەمتەرخەمیو دەخستە لای کوردەوە، خۆشبەختانە سەرۆکی شاندی هەرێم مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید، هەڵوێستی جوانی کوردی لەو بارەیەوە بۆ بەشداربووانی ڕوون کردۆتەوە.

دوای ئەوەش کە لێکۆڵینەوەیەك ئاماژەی بەوە کردووە، کەشتیەکەی نوح لەجێگایەکی نزیك شاری نەجەف گیرساوەتەوە، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنگرەی نێودەوڵەتی گفتوگۆی ئایینەکان، لەلێکۆڵینەوەکەی خۆیدا کە لەهەمان ڕۆژو هەمان کۆنگرە پێشکەشی کرد، وەڵامی بۆچوونەکەی شێخ سامی بەدریو زانایانی شیعەی دایەوەو بەچەندین بەڵگە دووپاتی کردەوە کە کەشتیەکەی نوح لەشاخی جودی باکووری کوردستان گیرساوەتەوە.

لەبارەی دەرئەنجامی کۆنگرەش بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان لەلێدوانێکی بۆ پەیام گوتی: کۆنگرەیەکی سەرکەوتووانە بوو بۆ چارەسەر کردنی ئەو ڕەشە ناهەموارەی لە هەندێك لەشارەکانی عێراق هەیە، وە توانی پەیامێکی جوان بەرهەم بێنێت بۆ پێکەوە ژیانو یەکتر قەبوڵ کردن، دوای تاوتوێ کردنی دۆخەکەو پێشکەش کردنی چەندین لێکۆڵینەوەی تایبەت، دەرئەنجامی کۆنگرەکە چەند چارەسەرێکی بەگران زانی لەوانە:

١- پێویستە سیستەمی پەروەردە، وانەی ڕۆشنبیری ئاینیو پێکەوەژیان لەخۆ بگرێت.

٢- پێویستە مینبەری مزگەوتەکان زانایانی ئیسلامیو پیاوانی هەموو ئاینەکانی دیکە لەسەرتاسەری عیراقدا گیانی لێبوردەییو یەکتر قبوڵکردن قوڵبکەنەوەو ناکۆکیو هاندانو توندوتیژی بەکار نەهێنرێت.

٣- پێویستە حکومەتی عیراق بەجدی کاربکات بۆ پاراستنی سەرو ماڵی غەیرە موسڵمانەکانو زەمینەی عیبادەتو تقوسی ئاینی لەبار بۆ هەموو ئاینەکان بڕەخسێنێت.

٤- پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوە کەوا بەرنامەو سیاسەتی کارکردنیان بەئاراستەیەکی مرۆییو دوور لەگیانی تەفرەقەو تەکفیر بێتو ڕۆشنبیری یەکترقبوڵکردن بڵاوبکەنەوە.

٥- کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری ئاینیو پێکەوەژیانی ئاینی لەسەرتاسەری عیراقدا زیاتر بکرێت.

هەروەها گوتی خۆشبەختانە کۆنگرەکە سەرکەوتوانە بەکۆتا هاتو توانیمان پەیامی گەلی کورد بە جوانترین بە بەشداربووانی کۆنگرە بگەیەنینو وەکو شاندی هەرێمیش لایەنێکی ئەکتیڤ بووین لەپێشنیارو تەرحی گونجاو بۆ مەسەلەی پێکەوە ژیان لە عێراقو کوردستاندا.

# مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەکات



ڕۆژی (٢٠١١/١/١٢) شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، بەیاوەری سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لەپەرمانی کوردستان سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد.

لەسەردانەکەدا، کە هەریەك لە مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانو، دکتۆر بەشیر سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو، فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاخافتن، هەر سێ لایەن کۆکبوون، کە ئەم دۆخەی ئەمڕۆ لە کوردستان لەلایەن چەند کەسانێکەوە دروست کراوە، لەگەشەدان بەگرژی نێو کۆمەڵگای کوردستانی لەبواری ئایینو ڕۆشنبیرییدا خزمەت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان ناکاتو، پێیان وا بوو پێتڤییە هەموو لایەك لە نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانو وتاربێژان لە ئاست بەرپرسیارێتی دابن لە هەمبەر ئەم ئەزموونەو، پێویستە کارەکان بەو ئاقارە بڕۆن، کە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکاتو، ئەمنو ئاسایشو ئارامی هەرێمی کوردستان لەبەر چاو بگرێت، بۆیە هەر سێ لایەن بڕیاریاندا لەئایندەیەکی زۆر نزیکدا هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆببنەوە، بۆ ئەوەی هەموو لایەك هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بدەن.

# یەکێتی زانایانو وەزیری ئەوقاف کۆدەبنەوە



ڕۆژی (٢٠١١/١/١١) شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سەردانی وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینیان کرد.

لەسەردانەکەدا سەرۆکی یەکێتی زانایان ڕاو سەرنجی خۆی پێشکەش بە وەزیری ئەوقاف کرد دەربارەی ئەو پڕۆژە یاسایەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە، دەربارەی جیاکردنەوەی دینو هونەرو، هەروەها کەمکردنەوەی وتاری هەینی بۆ سێ مزگەوت، کە دیارە یەکێتی زانایان لەچوارچێوەی بەیاننامەیەك بڵاوی کردەوە.

وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی ڕایگەیاند: ئێمە وەك وەزارەتی ئەوقاف ئەو پڕۆژەیە ڕەت دەکەینەوە، چونکە پێچەوانەی شەرعو بنەماکانی ئیسلامە، هەر ئەو پەیامەمان بەڕەسمی ڕادەگەیەنین.

# سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانو دامو دەزگاکانی ناوچەکە دەکات

ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/١٠ بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانو شاندێکی یاوەری، سەردانی دەڤەری گەرمیانیان کردو، بەمەبەستی ئاگادار بوون لەکارو چالاکییەکانی یەکێتی زانایان لەو دەڤەرەو، دروست کردنی هەماهەنگیو توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکان لەزنجیرە سەردانێکدا دامو دەزگاکانی حکومیو حیزبی ناوچەکەی بەسەرکردەوە.

سەرەتای سەردانەکە بەڕێزیان سەردانی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانیان کردو، بەگەرمیەوە لەلایەن بەرپرسو کارگێڕانو زانایانی لقەکەوە پێشوازیان لێکراو، دواتر لەکۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی ستافی لقو سەرجەم ناوچەکانی باس لەچەند خاڵو ئەرکێکی هەنوکەیی زانایان کراو، گرنگترینیان بریتی بوون لەنەمانی

بۆ ل١١

# سوریا: جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی دکتۆر محمد سەعید ڕەمەزان بووتی دەکات



لەمیانەی سەردانێکی بۆ وڵاتی سوریا جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان گەورە زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی بەڕێز شێخ محمد سەعید ڕەمەزان بوتیی بەسەر کردەوەو لەدانیشتنێکدا چەند پرسێك تاوتوێ کرا.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (پەیام) جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی گوتی: ئێمە لەشاری دیمەشق سەردانی بەڕێز د.محمد سەعید ڕەمەزان بوتیمان کردو، لەنزیکەوە چەند پرسێکمان باس لێوە کرد، زیاتر مەبەستمان لەو سەردانە ئەوە بوو سڵاوو پەیامی زانایانی کورد بگەیەنینە بەڕێزیانو لەنزیکەوەش گوێبیستی پەیامی بەڕێزیان بین بۆ زانایانی کورد.

ئەوەی بەلای مامۆستا جەلال خەیلانی جێگەی سەرنج بووە، ئەوە بوو کە چەند پرسیارێکی ئاراستە کردووە، لەوڵامدا بەڕێزیان گوتی: من ئێستا موفتی نیم، وەکو موفتیش وڵامت نادەمەوە، تەنها لەبەر ئەوەی فەوزا لەو وڵاتە دروست نەبێ، مادام موفتی نیمو لەپۆستی موفتیایەتی نەماوم داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئەگەر وتوێژی زانستی یان هەر پرسێکی ترت هەیە وەکو خۆم وەڵامت دەدەمەوە، کە ئەمە نیشانەی پابەندی کەسایەتییەکی لەو شێوەیە بە بڕیاری مەرجی فەتوا لەوڵاتی خۆیدا.

ناوبراو گوتیشی: زۆر خۆشحاڵی خۆی پیشانداو بەجلی کوردیەوە پێشوازی کردمو بەزمانی کوردیش گفتوگۆمان کردو پەیامیشی بۆ زانایانی هەرێم ئەوە بوو، کە یەکگر بنو هەمیشە پێکەوە کار بکەن بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئیسلامو گەلی کورد.

شایانی باسە شێخ محمد سەعید ڕەمەزان بوتی یەکێکە لە گەورە زاناکانی ئەو وڵاتەو ماوەی ٢٣ ساڵ موفتی بووەو بەشداری چەندین گۆنگرەی جیهانی کردووەو، بەدەیان پەتووکی لەبوارە جیاجیاکانی ئیسلامناسی نوسیووەو ئێستا خەتیبی مزگەوتی ئەمەویە لەدیمەشقو ئیمامی مزگەوتی مەلا سەعید ڕەمەزانی باوکیەتی لەپایەتەختی سوریادا.

# دوای هەوڵی یەکێتی زانایانو لێژنەی ئەوقاف لە پەڕلەمان کتێبێك لە بازاڕ دەکێشرێتەوە

دوای ئەوەی دەزگای ئاراس هەڵستا بەچاپکردنی کتێبێکی شیعری، دیارە کتێبەکە شیعرێکی تێدا بوو، بەشێوەیەکی ناشیاو وەسفێکی تێدا بوو، کە سوکایەتییە، بەخوای گەورە، لەڕوانگەی شەرعیشەوە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە خوای مەزن بکرێتە کەرەستەی شیعرو چیرۆك، تەنها بەو شێوەیە نەبێت، کە لائیقە بە ئەو، بۆ ئەوەی کتێبەکە نەکەوێتە بازاڕو ئەو ئاڵۆزیەی هەندێك کەس دروستیان کردوە، کە بووەتە جێ کاردانەوەی مامۆستایانی ئایینی، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستان، هەڵستان بە پەیوەندیکردن بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی ڕێگیری بکرێت، لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، ئەویش بۆ ئەوەی ئەو پشێویە پتر پەرە نەسێنێتو، نەبێتە مایەی ئەوەی لەو قۆناغە ناسکە هەرێمی کوردستان بەرەو نائارامی بڕوات، کە لەوانەیە لەئەنجامدا

بۆ ل١١